# نموونەیەکی بێ نموونە. . !

نورەدین سەعیدوەیسی

ئەگەر لەبیرتان مابێ بەبۆنەی‌سەری ساڵەوە نووسیبووم ( (تۆزقاڵێکیش گەشبین نیم کریسمسە کانی داهاتوو، بێ کێشەتروبێئاژاوەترو بێشەڕتربن لەکریسمسەکانی رابردوو) ) ، خودێ لەگوناهی ئاسایش وسەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین خۆش بێ کەبەداخەوە نەیانهێشت پێشبینیەکەم تەنانەت بۆ یەك رۆژیش بەهەڵە دەربچێو رۆژی ١٢/٣١ رێگەیان لەخۆپێشاندانێکی هێمنانەی قوتابیانی زانکۆ گرت و هەندێ قوتابیشیان بۆ چەند سەعاتێك لەئاسایش (میوانداری) کرد. . !

وەك پرسیارو سۆراخیشم کرد، قوتابیانی زانکۆ نەداوایان کردبوو (وەك هەندێ سیاسەتمرداری کورد داوای دەکەن) ئەگەر ئەمریکا هێرشی کردە سەر عیراق پێمان خۆشە سوپای تورکیاش بێتە باشووری کوردستان، نەبڕیاریش بوو داکۆکی لەو٣٣مەلاو حەفتا شێخ وموریدەی کوردستان بکەن کەلەکەناڵی سەتەلایتی عیراقدا بەئاشکرا پشتیوانیان لە سەدام کرد، بێگومان نیازیشیان نەبوو پشتگیری لە قسەکەی ( (مەعاز شیت) ) ی مامۆستا لەکۆلیجی دەرمانسازی زانکۆی سەلاحەدین بکەن کە گوتبووی ( ( رووداوی هەڵەبجە ئەوە ناهێنێ پێنج دەقیقە بۆی بوەستن) ) - خودابکا لەپای ئەو قسەیەی پارچە زەویەکی وەرنەگرتبێ-

بەڵکو داواکانی قوتابیان هەر هێندە بوون:

- دەرماڵەی ئەو چەند مانگە بدرێت کە سلێمانییەکان گووتەنی حکومەت خۆی لێ کردووە بەکەڕی شەربەت
- سۆپا ونەوت بۆ بەشە نێوخۆییەکان دابین بکرێت تا چیتر بەدەم سەرماو لەرزەوە نەڵێن شەریفە باوکە رۆ
- سنوورێك بۆ مامۆستا بەعسییەکان دابنرێت لەزانکۆدا

بڵێی ئەم داوایانە زەرەریان هەبێ بۆ پەزی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان؟

باشە ئێمە بەچی تاکە ئەزموونی دیموکراتین لەناوچەکەدا ئەگەر نەهێڵین تاکە خۆپیشاندانێکی ئازاد و هێمنانە بکرێت؟

جا خۆش ئەوەیە داوای ئەوەش دەکەن ئەزموونە دیموکراتییەکەمان بکرێتە نموونە بۆ حکومەتی داهاتووی عیراق، ئەمەش مانای ئەوەیە:

- هەربەعسییەکان وەزیرو مودیر عام وسەرۆکی زانکۆو قایمقام وئەندام پەرلەمان بن
- تەنها ساڵێك هەڵبژاردن بکرێت و هەر چوار ساڵ جارێك بەبیانووی شەڕی نێوخۆوە درێژ بکرێتەوە
- دەیان سەندیکاو مەندیکا بەتەزکیەی حیزبی دابمەزرێن
- لەپەرلەمانی داهاتووی عیراقدا هەر چوار پێنج ئافرەت - ئەویش بۆ دیکۆر- ئەندام پەرلەمان بن
- کەس بۆی نەبێت بەبەرپرسێك بڵێت : سەیدی: رەنگی بۆینباخەکەت لەگەڵ قاتەکەت نایێتەوە. .

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆە بڕوابوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......